جۆری گژوگیای دەدایَ. هیَندە هۆگری ببوو لەرۆژە ساردەکاندا دەیبردە یەکیَك لەژوورە چۆڵەکانی پشتەوەی ماڵەکەیان، بەتایبەت سۆپای بۆ هەڵدەکرد. هەر بەحاڵ دەنگی هاتبا، خۆی دەگەیاندە لایء بەدیاریەوە هەڵدەتروشکا. نازانم بۆ پاش هاتنەوە یادی ئەو یادەوەرییانە لەبەرخۆمەوە گوتم(ئەگەر باپیرم لەژیاندا مابایەو زانیبای کە من لەدوورگەیەکدا ژیان دەبەمەسەر، چی دەگووت؟!). دڵنیام لەوەی کەزۆر تووڕەو زویر دەبوو، چونکە ئەو هەردەم پیَی دەگووتم(ئەگەر ناچاریشت بکەن نەکەی شاری باوو باپیرانی خۆت جیَبهیَڵیت، تۆ پارچەیەکیت لەداروبەردی ئەم شارە، بەشیَکیت لەکۆڵانە تەسكء تروسكء ماڵۆچکە دیَرینەکانی. بەشیَکیت لەزنجیرە چیاکانی دەوری شارو کانیء سەرچاوەو کاریَزەکانی، ئەجدادی تۆ لەگۆڕستانەکانی ئەم شارەدا ڕاکشاون، نەکەی جیَیان بهیَڵیتء هەڵبیَیت). دواجار باپیرم لەیەکیَك لەرۆژە ساردەکانی زستانیَکدا گیانی داو مرد، کەپەیتاپەیتا وردە کاغەزی سپی لەئاسمانەوە دادەبارییەخوار. کەگویَم لەهاوارو فوغانی داپیرەم بوو، بەپەلە سەرم هەڵبڕیء ڕوانیمە ئەو ئاسمانەی لەوکاتەدا لەلاپەڕە کاغەزیَکی سپی بەرفراوانی زۆر گەورەدەچوو. لەوەتەی گەیشتبوومە ئەم

هەستایە سەرپیَء بانگی کردن. هەردوو زەلامەکە بەپەلە خۆیان گەیاندە لای باپیرم، کەتارادەیەکی زۆر بەشیَوە لەو دەچوون، وەك ئەویش لەپشت تاویَرە بەردەکە خۆیان مەڵاسدا. لەپڕ تەقء هوڕی چوار ناڵەی ڕەوە ئەسپیَك هاتە گویَم و تا دەهات نزیك دەبوونەوە. کەگەیشتنە ئەو ئاستەی دەکرا، لەویَوە بیانبینم تاپیَمکرا تیَمڕوانینء لیَیان وردبوومەوە. بەژمارە هەشت نۆ سەربازی سوارەی تورك بوون، کەتابڵیَ دیَوە زەلام و تیَکسمڕاوو ئیَسك تۆکمەو ناوشان پان بوون. ئەسپەکانی ژیَریان لەچاو ئەواندا گچکەو بنیَس دەهاتنە پیَش چاو.
کەمیَك ڕاوەستان و پاشان بەرەو ڕیَگای نیَو دڕووەکانی ئەوبەری چەمەکەدا، کەوتنە تاودانی ئەسپەکانیان. زۆربەیان بەخیَراییء یەك لەدوای یەك بەنیَو چەمەکەدا پەڕینەوەو خۆیان گەیاندە ڕیَگای نیَودڕووەکان. لەوەدابوو کەئەو سیَ سوارەش چەمەکە ببڕن، ئەسپەکانیان لەئەسپی سەربازەکانی تر ئاغرترو هیَواشتر ڕەوتیان دەکرد. کاتیَك باپیرمء هەردوو هاوڕیَکەی لەپشتەوە شاڵاویان بۆ بردن. گەرچی زۆرم مەبەست بوو گەرمەی جەنگەکە ببینم، بەڵام ڕۆچوونی کەمیَکی تری عەردی ژیَرپیَم لەبینینی ڕووداوەکەی

دنیایەدا ژیابیت، حەزدەکەم ئەو ڕاستییەت پێ بڵێم، تۆ بیستەمین نەوەی (شەهموز)ی موبارەكء زانایت، کە دۆزەرەوەی ئەم دوورگەیەیە، هەربۆیە تەنها تۆ بۆت هەیە جگە لەهەردوو کۆشکەکەی (کراڵ) بچیتە هەموو شوێنێكء چیت پێ خۆش بێت بیخۆیتء چۆنت بوێت ئاوا ڕابوێریت، بێجگە لەتۆو ئێمەو پاسەوانء کەسە نزیکەکانی (کراڵ) کێی تر لەنێرینەکان بۆی هەیە بچێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی دوورگەکەو دوورو نزیك لەهەموو مێینە کۆیلەکانء کچە سەماکەرو کەنیزەكء گۆرانیبێژەکانی(کراڵ) بڕوانێت، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە کەنیزەکانی (کراڵ) بەڕووتء و قوتی لەدەریاکەدا مەلە دەکەن؟ تا ئێستا کێ بۆی هەبووە جگە لەکاهینء پاسەوانە تایبەتییەکانی بینای حەوت، ناوەوەی ئەو بینایە ببینێتء بەچاوی خۆی لەجەستەی کۆیلە سووتاوەکان بڕوانێت، بەتایبەت ئەو دەمەی کە لەنێو فڕنە گەورەکەدا قرچە قرچیان دێتء بۆنی گۆشتی سووتاوو بۆن کروز بەدووکەڵکێشەکەدا بەرەو سەر هەڵدەکشێت؟ بەڵام تۆ هەموو ئەمانەت بینیوەو هەموو کاتێکیش بۆت هەیە بیبینیت، باشە هیچ کاتێك ئەوە سەرنجی ڕانەکێشاویتء نەبۆتە مایەی پرسیار؟! ئەگەر تۆ کەسێکی تر بایتء وەك خۆت دەڵێیت لەشوێنێکی

بەئاسانی کەسەکانی نیَویت دەبینی. کۆترە شینکەکانی سەر قووبەو منارەکانی گەورەترین مزگەوتیَکی شاری لیَدەکردمە کۆمەڵیَ بولبوولی هەمەجۆرەی ڕەنگاوڕەنگ، کە بەدەیان ئاواز دەیانخویَندو چریکەیان دەهات. بەردەرکی سەراو دەوروبەرەکەی لیَدەکردمە دەربەندە ئاویَك کەدەیان قاژوو و قورینگء قازو مراوی مەلەیان تیَدا دەکرد. مرۆڤەکانی ئەو شارەی کەباپیرم لەخەیاڵمدا بنیاتی دەنا، بەچرپە قسەیان دەکردو زۆر بەهیَمنی هەنگاویان دەنا. دواشتیَکی سەیر کە لەباپیرەم بینی، پیَش ئەوەی کەبمریَت لەو رۆژەدا روویدا کەپیَکەوە بەلای یەکیَك لەفولکەکانی شاردا تیَپەڕبووینء خۆمان لەبەردەم پەیکەری پیاویَکی تیَکسمراودا بینییەوە، کەکەللەسەری سەربراوی کەسیَکی تری بەدەستەوە بوو. لەوکاتەدا کۆمەڵیَك کچء کوڕی گەنج، پەیتا پەیتا دیَڕیَکیان دووبارە دەکردەوە. لەو دەمەدا کەمنء باپیرم لەپشت حەشاماتەکەوە لەپەیکەرەکەمان دەڕوانی، کۆمەڵیَ دیَوەزەلامی ڕەنگء بۆ خۆلاویی نیَو پیکابیَکی سەربەرەڵا حەشاماتەکەیان دایە بەر ڕیَژنەی گوللە، حەیتەکانی دەوروبەریش کەوتنە ویَزەی ئەو خەڵکەی کەهەریەکەی بەلایەکدا هەڵدەهات.

لەقەفەزی ڕەنگاوڕەنگدا دەگەنە یەکێك لەکۆشکەکانی کوڕی کوڕەزای (شەهموز).
یەکێك لەکاهینەکان لەو دەمەدا دەم هەڵدێنێتەوەو دەڵێت(باشە قوربان، بەو پێیەی باخچەکەی جەنابتان باخچەیەکی گچکەکراوەی دەیان دارستانء سەدان گچکە درەختء دەیان ریزە چیاو تەپۆلکەو هەڵدێرو شیوو و نشێوە؟! تۆ بڵێی جێگەی ئەو هەموو باڵندە راستەقینە گەورانەی تێدا ببێتەوە؟!).
کوڕی کوڕەزای (شەهموز) دەڵێت(بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەیادت نەچێت، کەنیوەی باخچەکە سیحراوییە!). هەر کەیەکەم باڵندە بەردەدەنە نێو باخچەکە، دەبینن وەك هەموو شتێکی نێو باخچەکە بچووك دەبێتەوەو لەنێو لقە چڕوپڕەکانی درەختەکاندا خۆی ون دەکات، ئیدی پاش ئەوە دەیان باڵندە بەر دەدەنە نێو باخچەکە کەهەر هەموویان بەهەمان چەشن بچووك دەبنەوە. بەڵام پاش ئەوەی کۆترەکان بەردەدەنە باخچەکەوە، دەبینین وەك خۆیان دەمێننەوە وەك باڵندەکانی تر گچکە نابنەوە.
کوڕی کوڕەزای (شەهموز) دەپەشۆکێتء پاش مشتومڕێکی زۆر لەگەڵ گەورە کاهینء دەستء پێوەندەکانی دەگاتە ئەو قەناعەتەی کەسیحرو ئەفسوونی کۆترەکان، زۆر لەوە بەهێزترە کەشء سیحری باخچە بچکۆلە کراوەکە کاریان تێبکات.

بەگەورە کاهینەوە نا، بەڵام هەر بەخۆی نەزانیء هەستی بەهیچ نەکرد.
نەمدەزانی خۆشحاڵء کامەران بم، بەوەی کەنابینریَم، یان نارەحەتء درِدۆنگ؟! لەوەدابوو لەفیکران رۆچم، کەهەر لەخۆمەوە رارەوە نهێنییەکەی نیَو پەرستگاکەم وەبیرهاتەوە.
حەزو ئارەزووی بینینی باخچە داخراوەکەی نیَو کۆشکەکەی بەشی خۆرئاوای دوورگەکە، پاڵپیَوەنەریَکی راستەقینەی گەرانم بوو، بەشویَن راراوە نهێنییەکەدا، بەو پیَیەی کەهەر کاتیَك هاتبایەتمە نیَو پەرستگا، جگە لەژووریَکی دەرگا گەورەی کلۆم دراو ریَم پیَدەدرا سەر بەهەموو ژووریَکی تری پەرستگاکەدا بکەم، هەربۆیە پیَم وابوو کەرەنگە رارەوە نهێنییەکە لەپشت دەرگا گەورەکەی ئەو ژوورەوە دەست پیَبکات. چوومە بەردەم دەرگای کلۆمدراوی ژوورەکە کەدوو کاهین لەملاو ئەولای دەرگاکەدا راویَستابوون وەك تارماییەك بەنیَوەراستیاندا تیَپەربوومء دەرگاکەم بریء چوومە ژوور. سەرەتا خۆم لەنیَو رارەویَکی تاریكء نوتەکدا بینییەوە، پاش ماوەیەکی کەم لەریَ کردن، یەك دوو قوتیلەی داگیرساوم بینی، کە لەملاو ئەولای دیوارەکانی رارەوەکەدا هەڵواسرابوون. تاگەیشتمەلای پیَپلیکانە دوورو

بۆی وەسف دەکردم. سپییەکەیان مووروی رزقء زەردەکەیان مووروی بەختەوەریء شینەکەیان مووروی چاوەزارو رەشەکەیان مووروی عەقڵء قاوەییەکەشیان مووروی تەمەن دریَژی بوو. پاش ئەوەی دەیخستنەوە نیَو پریاسکەکە، ئایەتیَکی دوورو دریَژی بەسەردا دەخویَندن، زاری پریاسکەکەی توند شەتەك دەداو لەبەرکی کەواکەیدا هەڵیدەگرتن. ئیدی دەستی دەکرد بەگیَرِانەوەی حەکایەتیَکی نویَ، کەهیچ کامیَکیان لەحەکایەتەکەی پیَشووتری نەدەچوو. بەدریَژایی ئەو ماوەیەی لەژیانیشدا بوو هیچ کاتیَك حەکایەتی لیَ نەبرِا، ئەمە جگە لەگیَرِانەوەی سەرگوزشتەو ماجەرای ژیانی کەسانیَکی ناودارو ناسراو.

جاریَکیان باسی کەسایەتییەکی زۆر گرنگی ئەو شارەی بۆ کردم، کەساڵانیَکی تەمەنم تیَدا بردبووەسەر. پاش ئەوەی سەددجار خۆی کردە قوربانی ئەوزاتە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکیَشاو گوتی(کورِی خۆم، ئەو لەسەردەمی پیَش بنیاتنانی ئەم شارەدا ژیاوە، لەودەمەدا شار تەنها یەك گچکە گەرِەك بووەو ناوی-مەلەکا-بووە. هیچ زاتیَکی موبارەکی ئەم دنیایە هیَندەی ئەو باڵابەرزو دەموچاو نورانیء سوورو سپیء دەستء زمان پاكء بەرِەحمء بەبەزەیی نەبووە. هیچ زاتیَك وەك

ماندووبوونیَکی زۆر تینووی بووەو خۆی گەیاندۆتە لیَواری ئەو بیرەی کە نەیزانیوە وشكء برنگە. ئیدی نازانم بۆ لەوکاتەدا هەردوو کەڵەشیَرەکەی بەدەستەوە بووەو چۆن چۆنی لیَی بەربۆتەوە؟!). دوای ئەوەی دارشەقەکەی خستە ژیَربالْیء خۆی گەیاندە لای ئەو مەرکانە ئاوەی کە لەگۆشەیەکی ژوورەکەدا دانرابوو، جامیَ ئاوی خواردەوەو دریَژەی دایەو گوتی(جگە لەکەسیَکی بنەماڵەکەی ئیَمە، کەزۆر دەمیَکە جگە لەمن کەسی تریان لەژیاندا نەماوە، یان کەسیَك کە بۆخۆم رایسپیَرم، هیچ کەسیَك گەر بشچیَتە نیَو بیرەکە کەڵەشیَرەکان نابینیَتەوە، چونکە تەلیسمء سیحریَکی پەنهانء شاراوەی لەنیَودایە. تەنها خاوەنەکەیء ئەو کەسەی کە لەلایەن ئەوەوە رادەسپیَردریَت، دەتوانیَت بیدۆزیَتەوە. لەیەك کاتیشدا دەبیَتە موڵکی کەسیَکی دیء لەبەرچاوان غەیب نابیَت، کەخاوەنەکەی بۆ خۆی بیکاتە دیاریء پیَشکەشی ئەو کەسەی بکات). پاش ئەوەی جگەرەیەکی پیَکردو مژیَکی قووڵی لیَدا، لەپڕ گوتی(دەزانم بەزەییت بەمندا دیَتەوەو دڵنیاشم کە لەبەر من ئەو کارەی بەتۆ دەکریَت بەچاکی بەئەنجامی دەگەیەنیتء دەیکەیت). بۆ بەرەبەیانی رۆژی دوایی بەجیَبیَکی مۆدیَل کۆن، کە بەکریَ گرتبووی، هات بەشویَنمدا. پاش دوو سیَ

گرنگ لەسەر هەر حەوتتان تاقی دەکریَتەوە،
هەربۆیە دەبیَت باشترین جۆرە جۆراکتان بدریَتیَ).
پیَمگوت(باشە هیچ جۆرە خۆراکیَکی لەوەی ئیَستا
باشتر نییە، تابماندەنیَ؟!). بەسەرسوورِمانەوە
گوتی(باشترین چەشنە خۆراك لای ئیَمە ئەو
گۆشتەیە کەسیَ ژەمە دەتاندەینیَ). گوتم(باشە ئەو
گۆشتە، گۆشتی چ گیانداریَکە؟!).
بەپیَکەنینەوە گوتی(بۆ تائیَستا بەتامەکەیدا نەتزانیوە
کەگۆشی چ گیانداریَکە؟!). بەخیَرایی وەڵامم
دایەوەو گوتم (نەخیَر!). لەوەدابوو کەوەڵامم بداتەوە
کاتیَك یەکیَك لەو دکتۆرانەی بەریَکەوت بەبەردەمی
دەرگاکەدا رەت بوو زۆر بەتوورِەییەوە بانگی
کردو پیَی گوت(تائیَستا چەند جارم پیَ گوتویت
کەنابیَت نەخۆشەکان نارِەحەت بکەیتء لەگەڵیاندا
بدویَیت).
ئەو نیوەرِۆیە، هیچ کامیَکمان هیچیمان پیَ نەخوراو
ماوەیەکی دوورو دریَژ بەبیَدەنگی لەیەکترمان
روانی. گەرچی تەنها یەك وشەش لەزاری هیچ
کامیَکمانەوە نەهاتەدەر، بەڵام زۆر بەئاسانی
لەنیگاو تیَرِوانینەکانی یەکتر حاڵی بووینء
دەمانزانی تەنها یەك ژەمی تر گۆشتی کوڵاوی ئەو
دەعبایە دەخۆین. هەر کەتاریك داهات ئاگریَکمان
لەیەکیَك لەژوورە چۆڵء هۆڵەکانی خەستەخانەکەدا

خۆی لەبیردەکا، نازانم چ شتێك بەو رادەیە سەری لیَ شێواندوویت؟! هەروەك ئەوەی نابەڵەد بیتء نەزانیت، ماڵی باپیرت دەکەویَتە بەشی ژووررووی گەڕەکەکەمانء حەوت کۆڵانی بەینە، لەگەڵ ئەم کۆڵانەی کەتۆ پیێتوایە، کۆڵانەکەی ماڵی باپیرت بیَت. ئەمە جگە لەشتیَکی زۆر گرنگ کە لەبیرم چوو هەر لەسەرەتاوە پیێت بڵیَم، خانووەکەی باپیرت لەکۆڵاندا نییە وەك هەر ریزە خانووەکەی بەشی ژووررووی گەڕەکەکەمان بەرەکەی بەرەڵایەو روو لەپیَدەشتە). هیَندە پەشۆکامء رەنگء رووم گۆڕا، بەپەلە پیرەژن جامیَك ئاوی بۆ هیَنامء دایە دەستم، ئاوەکەم بۆ نەخورایەوەو هەر بەپڕی جامەکەم دایەوە دەستی. بەبیَدەنگی بەردەرکەی ماڵی پیرەژنم جیَ هیَشتء بەدەر لەویستی خۆم، یەکە یەکەی قسەکانی لەمیَشکمدا دەزرنگانەوە، بەچەشنیَك کە بەبیَ ئەوەی مەبەستم بوو بیَت، خۆم لەپیَدەشتە بەربەرەڵاکەی بەردەمی ماڵی باپیرمدا بینییەوە، کە بەمنداڵی زۆرجار هەلوکیَنء توول توولیَنم تیَداکردبوو.

هەر کەگەیشتمە ئەویَ، لەناخەوە پیَکەنینم بەخۆم هاتء لەبەرخۆمەوە گوتم(باش بوو هەموو خەڵکی کۆڵانەکەم لەخۆم کۆنەکردەوەو نەمکردە قاو! هەر زۆر بەراستی، لەو کۆڵانەدا بەشویَن خانووەکەی

کادیۆمء زیووی تواوەی لیَدەهات. هەر کە بەژیَر زەمینەکەدا گوزەرمان دەکرد، دەنگی خرەخرِی ئامیَری تەڵیکردنی زیَرِو مسی زەردو چرکە چرکی پریَسی لەقاڵبدانی چەقالەی گۆبەرۆگء گۆی پڵپڵە بیَزاری دەکردم. پیَش ئەوەی بگەینە گچکە دوکانەکە بەناچاری دەبوو لەگەڵ باپیرمدا لەهەموو چەشنە کارو پیشەیەکی زەرِەنگەران برِوانم، بەتایبەت ئەو کاتانەی کەکاریان دەکرد.
بەتەماشاکردنی گرِوشەوقی ئاگری ئەو ئامیَرەی کەزەرِەنگەرەکان لەسەر ئەزبیَزیَکی سپی پارچە زیَرِەکانیان بەو پیَیەی کەدەیانویست بەهۆی ئەوەوە پیَکەوە دەنووساند، هەردەم چاوم دەچووزایەوە، هەربۆیە زیاتر دەمرِوانییە ئەو هەمبانە لەچەرم دروستکراوەی کەپەیتا پەیتا بەپیَ گوشاریان دەخستەسەر. پاش ئەوەی دەمانرِوانییە هەموو ئەو جۆرو چەشنەکارانەی لەگوزەرەکەدا بەئاشکرا دەکردا. دەچووینە ئەو گچکە دوکانەی کەهەردەم سەعاتەکەی باپیرمی تیَدا چاك دەکرایەوە. هەر کەخاوەنی دوکانەکە باپیرمی دەبینی بەرزە پیَ لەبەری هەڵدەستاو بەپیرییەوە دەهات. وەك هەمیشە، کەباپیرم لەسەر کورسییە دارینەکەی نیَو دوکانەکە دادەنیشت، رووی دەکردە خاوەنی دوکانەکەو دەیگوت(بلەجوو، پیَموایە تاکە جوویەك

سەلیقەی (شەهموز) لەوکاتەدا فریای نەکەوتباو وتاریَکی زۆر گرنگی نەگوتبا، ئەوا بیَشك هەموو خزم و برادەرەکانی بەرەبەیان بەهەر شیَوەیەك بایە دوورگەکەیان جیَدەهیَشت و ئەویان بەتەنیا جیَدەهیَشت.
ئیدی پاش مەرگی شەهموزو هاتنە سەرحوکمی کوڕە تاقانەکەی بەڕەسمی وتار خویَندنەوە بووە سونەتیَکی هەمیشەیی و بەردەوامی ئەو کاتەو لەوەو بەدوای گشت (کراڵ)ـەکانی دوورگەکەمان، باوەڕت هەبیَت کەوتارە بەردەوام و یەك لەدوای یەکەکان هیَندە کاریگەریی لەسەر کۆیلەکان هەیە کەپیَم وانییە هیچ لیَدان و ئەشکەنجەو تف و جویَن و تیَهەڵدانیَك ئەو کاریگەرییەی لەسەریان هەبیَت.
بەتایبەتی رەنگە ئیَوە نەزانن ئەم کۆیلانەی نیَو دوورگەکەمان لەشویَنیَکی دیکەی دنیاوە هیَنراونەتە ئیَرەو لەتوخمیَکی زۆر پیس و نەگریسی مرۆڤن. مەڕوانە بیَدەنگی و گویَڕایەڵییان، ئەگەر وتارە دوورودریَژو بەردەوام و یەك لەدوای یەکەکان نەبووایە، ئەوە دەمیَك بوو رەنگە هەر لەسەردەمی هاوردنیانەوە بۆ ئیَرە دەستیان دابایەتە یاخی بوون و هەڵگەڕانەوە.
دەبیَت ئیَمەی کاهین هەموو هەوڵ و تەقەلایەکمان وەگەڕبخەین بۆ پاریَزگاریکردن لەپیرۆزترین

خۆم دەگەیاندە ئەویَ و لەسەر یەکیَك لەکورسییەکانی پیَشەوەدا دادەنیشتم. هەر کەدەستی دەکرد بەقسەکردن زۆر بەسەرنجەوە تیَم دەڕوانی و گویَم لیَدەگرت، کەمیَك باسی وانەی تایبەت بەخۆمانی دەکردو هیَندەی نەدەبرد، وەك هەموو جاریَك باسی زیندەوەریَکی سەیرو سەمەرەی بۆ دەکردین.

لەیەکیَك لەئیَوارە ساردەکاندا پاش ئەوەی ویَنەی چۆلەکەیەکی لەسەر تەختە رەشەکە بۆ کردین، کەسەری بەسەرە مار دەچوو، بەکاوەخۆ دەمی هەڵهیَناو گوتی(ئەگەر سەرنجی لەشی بدەن، بەتەواوی لەچۆلەکە دەچیَت، بەڵام وەك دەبینن سەری بەسەرە مار دەچیَت، دیارە هەر وەك ماریش دەگەزیَت و ژەهرەکەشی لەژەهری ژەهراویترین چەشنی مار کوشندەترە.

گەرچی پیَم وانییە لەئیَستادا مابیَت، بەڵام لەرۆژگاریَکدا لەهەموو شویَنیَکدا هەبووەو کەوتۆتە بەرچاو. تەنانەت وەك دەگیَڕنەوە، ژمارەیەکی بیَ شوومار یان لەپڕوپیَکەوە بەچەشنی باران داباریونەتە سەر خەڵکی یەکیَك لەوشارانەی کە چ خوورەوشت و داب و نەریت و جلوبەرگیان وەك ئیَمەیە، چ شیَوەزاری ئاخافتنیان زۆر لەشیَوە زاری ئاخافتنمانەوە نزیکە. ئیدی پیَش ئەوەی رەشەبایەکی

کیَڵ و شەق و زللە. دواتر بەدەنگی بەرز چەند جاریَك بەڕیَوەبەری قوتابخانەکەمان هاواری لیَکردین و گوتی(بەپەلە هەرهەمووتان لەگۆڕەپانەکەدا ریزبن).
دوای ئەوەی بەخیَرایی خۆمان گەیاندە گۆڕەپانەکەو یەك لەدوای یەك ریزبووین. بەڕیَوەبەرو بەرپرسیَکی سەر بەکابرا رەشتاڵەکەو ژمارەیەك چەکدار هاتنە نیَو گۆڕەپانەکە. بەڕیَوەبەر پاش ئەوەی کەفە سپییەکەی لالغاوەی بەدەستەسریَك سڕی، گوتی(بەفەرمانی جەنابی بەرپرس، کە بۆخۆی لەپاڵمەوە راوەستاوە دەبیَت هەرهەمووتان بگیریَن، بەڵام لەبەرئەوەی بەزەییم پیَتاندا دیَتەوەو دەزانم ئەوەی کەکردووتانە لەنەزانی و گەوجیتانەوەیەو زۆربەتان بیَتاوانن، زۆرتان بۆ پاڕامەوە. پیَم ناڵیَن بەردبارانکردنی دەرگاو پەنجەرە چ مانایەکی هەیە؟! کوانیَ ئەو سەرو ردیَن دریَژانەی کەویَنەی گەورەترین زاتیَکی ئەم دنیایەیان هیَنایەخوار؟! پاش ئەوەی ئیَوەیان فریودا، بۆ کویَ هەڵهاتن و چوونە کویَ؟ دڵنیابن لەوەی کەئەگەر کەمیَك غیرەتیان هەبا، وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرنەدەچوون و هەڵنەدەهاتن. دیارە باش ئەو کەسانەش دەناسین، کە بەنهیَنی پەیوەندییان لەگەڵ کەسە سەرو ردیَن دریَژەکاندا هەیە، هەر

دابتاشم و چییان پیَ بلّیَم. پاش کەمیَك بیَدەنگی و ڕوانینە چاوەکانی پیرترین پیرەژنیَك، کە لەبەردەممدا ڕاوەستابوو، گوتم(ڕەنگە ئیَوە نەزانن، هەر هەموویان بۆنی ئەسیدو ترشەڵۆك و بۆگەنی سەگی تۆپیو لەزاریانەوە دەهات، هەربۆیە پاش ئەوەی چل شەوو چل ڕۆژ لەیەك ژووردا لەگەڵیاندا مامەوە. لەڕۆژیَکدا کەئیَوە بۆ خۆتان بەڕوارەکەی دەزانن هەر هەموویانم بانگ کردە گۆڕستانەکەو یەکی فیشەکیَکم نا بەسەریانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من کەسیانم نەکوشتووەو تەنها شتیَك کەکردبیَتم داهیَشتینی خەنجەرەکە بوو بۆ نیَو مەنجەڵیَك ئاوی کوڵاو). پاش ئەوەی قسەکانم تەواوکرد پیَڵووەکانم لیَکنا. بەدەنگی شکانی شتیَك کە لەنیَو ژوورەکەی (کراڵ)ـەوە هاتە گویَم بیَداربوومەوە. کەڕوانیمە پیَش خۆم و پاشان سەیریَکی چوار دەوری خۆمم کرد، لەڕاڕەویَکی چۆڵ و هۆڵ بەولاوە هیچی دیکەم نەدیت.

* * *

تا نیَوەڕاستی وتارەکە، بیَ هیچ هەڵەیەك دریَژەم دایە، بەڵام هەر کەگەورەکاهین هاتە تەنیشتم و بەچرپە گوتی(دەنگت تادیَت بەرزتر دەبیَتەوە، ئەگەر ئاوا بەردەوام بیت، بیَگومان دەبیَت کوونە گویَمان بئاخنین، ئەگینا بیَ شك پەردەی گویَچکەی هەرهەمووومان دەدریَت و کەردەبین). هەموو ئەوەی کەدەبوو، پاش نیَوەڕاستی وتارەکە بیلَیَم، لەبیرمچۆوە. گەرچی زۆرم هەوڵدا وەبیری خۆمی بهیَنمەوە، بەڵام تاکە وشەیەکیم وەبیرنەهاتەوە. بیَدەنگییەکەم، هیَندەی خایاند، کە بۆ خۆشم بیَزاربووم و ئەوەندەی نەمابوو، کە لەسەکۆکە بیَمەخوار، کاتیَك گەورە کاهین بەتووڕەیی چرپاندی بەگویَمدا و گوتی(مەعز بۆ خوا، شتیَك بلَیَ). نەدەکرا لیَی بپرسم و بلَیَم(چی بلَیَم، ئەوەی کەپیَویست بوو. لەدوای نیَوەڕاست وتارەکەوە بیلَیَم، بەتەواویی لەیادم چۆتەوە، ئەگەر دەتەویَت شتیَکی تر دەلَیَم). هەروەك ئەوەی پیَی گوتبیَتم(چی ئەلَیَیت بیلَیَ!).

دەمم هەڵهیَناو گوتم(ئەی کۆیلە بیَدەنگەکانی دوورگەی (سین)، تاکەی بەملکەچی ژیان دەبەنەسەر، تاکەی هیچ ناڵیَن و دەنگیَك لەزارتانەوە نایەتەدەر). هەر پاش ئەوەی کەهیَندەم گوت، تەماشای دەموچاوی ژەنگگرتووی یەکەیەکەی

ڕۆخی ئەو ڕووبارەی کەعەزیاکەی تیَدا دەژی، پاش ماوەیەك، لەچاوەڕیَکردنی سەر هیَنانەدەری عەزیاکە لەڕووبارەکە، لاقەکانی تیَکەڵ دەبن و دەکەویَتە نیَو ڕووبارەکەو دەخنکیَت). ئەو ڕەشەبایەی کەپاش ئەوەی هەموو لافیتەکانم خویَندەوە، لەناکاو هەڵیکرد، هیندەی نەمابوو بەپشتا بمخات. باش بوو هەر زوو دەستم بەقەویترین شیشیَکی ئەو موحەجەرەیەوە گرت، کە لەبەردەممدا بوو. هیَدی هیَدی خۆم گەیاندە ئەو کۆڵانەی لەبەتەنیشت رووی سەرەوەی تاکە باخچەیەکی شاردا تیَپەڕدەبوو، سەردەمانیَك پیَکەوە لەگەڵ (نەوا) بست بەبستی ئەو باخچەیە گەڕابووین. گەرچی لەئیَستادا زۆری فەرق هەبوو، لەگەڵ ئەو باخچەیەی کە پیَشتر بیندبووم. سەرجەم درەختە بەرزەکانی باخچەکە، لەبنڕا هەڵقەندرابوون و لەجیَی ئەوان، درەختی نەوی و نەمام و دەوەن رویَندرابوون. گشت چواردەورو سەرەوەی باخچەکە، بەتەلی هیَڵەك گیرابوون. بەچەشنیَك کەڕیَی چوونە ژوورەوەی نەك هەر باڵندە، بەڵکو هیچ جۆرە میَروویەکیشی نەدەدا. کەگەیشتمە بەردەم دەرگای تەلبەندکراوی باخچەکە، نووسراویَکی سەر دەرگاکە سەرنجی ڕاکیَشام، کەلەسەری نوسرابوو(ویَنەگرتن، لەنیَو باخچەکەو

جاریَکی تر کەس ببینیت! بەڵام وابزانە هەروەك ساڵانیَکی زۆر لەمەوپیَش، پیَکەوەین و لەپڕ دەستە سرەکەی گیرفانی شەڕواڵەکەم دەردەهیَنم و بەبەرچاوتدا دەیهیَنم و دەیبەم، پاشان پیَت دەڵیَم، دەئیَستا سەیر بکە). هەر دوای ئەوەی کە باپیرم دەنگی نەما. ویَنەیەکی رەش و سپی، کاتی منداڵی خۆم هاتە بەرچاو، کە لەنیَوەڕاستی دەشتیَکی کاکی بەکاکیدا، دانیشتبووم و قامکەکانی هەردوو دەستم لەخۆڵی عەردەکەی گیر کردبوو.

ئەوەندەی نەمابوو کە ویَنەکە بەتەواویی لەبەرچاومدا کاڵ ببیَتەوە، کە بۆ دواجار گویَم لەچریکەی ئەو باڵندە دەنگ خۆشەبوو، کە زیاتر دەنگی چریکەی لەئاوازیَکی خەمناك، یان وشە بەسوبَیەکانی گۆرانییەکی دیَرین دەچوو